
## 1

## تێگەیشتن لە خودا: ژیان و ئاسودەی.

مەبەستی خودا ئەمەیە کە ئێمە لەم دنیایەدا ژیانێکی خۆشمان هەبێت. بۆچی هەموو کەس ژیانی ڕاستی ناناسن؟ خوا هەمووانی بە خۆشەویستیەوە ئەوێت وە خوا تۆی خۆشویستووە! ئەو ئەیەوێت کە تۆ لە ئارامیدابیت دڵخۆشبیت لە ژیانت وە لەگەڵ یەك لە ئاشتی و بەزەیی خودادا بژین.




پەرتوکی پیرۆز لە ( یوحنا ٣ - ٦١ ) ئەڵێت: چونکە خودا بە م جۆرە جیهانی خۆشویست، تە نانە ت کورە تاقانە کە ی بە خت کرد ، تاکو هە ر کە سێك باوە ڕی پێ بهێنێت لە ناو نە چێت، بە ڵکو ژیانی هە تاهە تایی هە بێت.

ئێستا بۆ یەک جار ئەم ئایەتە لێرە بنوسن لەجیاتی ووشەی ( جیهان ) ناوی خۆتان بنووسن :

## 2

## کێشە چییە: جیابونەوەی بەینی خوا و مرۆڤ

مرۆڤ بە هەڵبژاردن و خواستی خۆی جیابونەوەی لە بەینی خۆی و خوا دروست کرد.



خودا مرۆڤی دروست کرد لەبەر خۆشەویستی ، ئەو ئەیویست کە لەگەڵ ئێمە، لەگەڵ مرۆڤەکان پەیوەندی هەبێت و لەگەڵیاندا بژی. بۆیە خودا مرۆڤی وەکو میکانیکی (ڕۆبۆت) دروست نەکرد مرۆڤی بە شێوەی سروشتی دروست کرد تا سوپاس گوزاری خودا بکات وە ئازادی بە مرۆڤ بەخشی تا بتوانێت بە ئازادی تەواوەوە ژیانی خۆی بەرێوە ببات لە ڕاستیدا ئەمیە پایەی خۆشەویستی.


بەهەر شێوەیەک بوو مرۆڤ ئەم ڕێگەیەی هەڵبژارد . وە ئێستا هەموو مرۆڤەکان ئەو ناخۆشیانەی دێت بەسەریاندا ئەبێت بەرگەی بگرن. کە لە ڕاستی دا ئەمە خۆی گوناهە.

ئامانجی کە لەدەستمان دەرچووە: مرۆڤ ئامانجی خۆی ونکرد کاتێ کە خۆشەویستی خۆی لەگەڵ خودا تێکدا. ژیانێک کە ئەیتوانی لەگەڵ خودا بێت لەدەستی دا و ئێستا لەبەینی مرۆڤ و خودا بۆشای هەیە مرۆڤ ناتوانێت بەهیچ جۆرێک باشی بکاتەوە.

کتێبی پیرۆز ( ڕۆمیان ٣ - ٣٣ ) ئەڵێت: لە بە ر ئە وە ی هە موو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کە وتن،

بەهۆی ساڵەکانەوە مرۆڤ زانیاری وەرگرت تا لە ئەو بۆشاییەی کە لە بەینی خودا و مرۆڤە ڕزگاربێت لێی. بە ڕۆیشتن بۆ کەنیسەکان، بە کاری ئاینی، زیادکردنی زانیاری، بەڵام هیچ کام لەمانە یارمەتی نەدان تا ئەو بۆشاییە لابەن.







لەبەر ئەوە کە تەنیا یەک ڕێگەی ڕزگاری هەیە بۆ ئەم کێشەیە!

4

## ڕێگە چارەکە کە خودا هەیبوو: عیسای مەسیح

خودا تەنیا خۆی ڕێگەی ڕزگاریمان بۆ ئامادە دەکات...
هەرکەسێ ئەتوانێ هەڵبژێرێت کە ئەم ڕێگەیەی ئەوێت یان نا، لەم ڕێگەیە ژیان بکات یان نا، پەیڕەوی بکات یان نا.




بەدڵنیاییەوە کە خودا خۆی ڕێگەی ڕزگاری بۆ دانایین. ئەو بوو بە مرۆڤ. بەهۆی عیسای مەسیح کە ڕێگەی ڕزگاری بوو لەبەینی خودا و مرۆڤدا، ئەو بۆ ئەو مەبەستە هاتە سەر زەوی. لەجیاتی ئێمە وە بۆ گوناهەکانی ئێمە مرد و لە خاچ درا ئەمەبوو کە عیسای مەسیح بوو بە ڕێگەی ڕزگاری لە بەینی مرۆڤ و خودا

لە پەرتووکی پیرۆز )ڕۆما ٥ - ٨( هاتووە: بە لام خودا خۆشە ویستی خۆی بۆ دەرخستین کە هێشتا گوناهبار بووین و مە سیح لە پێناوماندا مرد


وە کەمێک دواتر لە پەرتوکی پیرۆز (یۆحەنا ٦١ - ١)هاتووە: عیسا فەرموویەتی: (منم ڕێگا و ڕاستی و ژیانم. کە س نایە تە لای باوك بە هۆی منە وە نە بێت

ئێستا لە کوێ و لە چ شێوە
وحاڵەتێکدا وەستاوی؟

لێرە؟ لێرە؟

چ شتێک هەڵدەبژێری؟

| خودا | مرۆڤ |
| --- | --- |
| خۆشەویستی | ناخۆشی و بەدبەختی |
| بەخشین | جیابوونەوە |
| بەزەیی | خۆکۆنترۆڵ بکەیت |
| پەیڕەویکردن لە ژیان | گوناه |
| ژیانی هەتاهەتای | بێ هیچ ئامانجێک |




تەواوی مرۆڤەکان کە لەم دنیایەدا ئەژین بە جیابوونەوە لەگەڵ خودا لەدایک ئەبن، ئەگەر ئێوە تا ئەمرۆ کارێکتان نەکردووە خودا بناسن، بۆیە تا کۆتای ژیان لە گەڵ خودا جیابونەتەوە، لەم ژیانە خوا ئەم مزگێنیەی بەتۆ داوە تا هەڵیبژێریت، ئەگەر باوەر بکەیت کە عیسای مەسیح لەبەر گوناهەکانی تۆ مردووە دوای ئەوە لەناو مردووان هەستایەوە ئەوا لەوکاتە تۆ خوای خۆت هەڵبژاردووە. تۆ هەڵنەبژێردرای بۆخۆت بەڵکوو هەڵبژێردرای بۆ خودا. ئەمە هەڵبژاردنی ژیانی نوێیە لەوکاتەوەی کە تۆ خودات هەڵبژاردووە و خودا تۆشی بە باوەڕهێنان بە ڕۆڵەی خۆی هەڵبژاردی، ئەو باوکی تۆیە تۆ بە ڕۆڵەی ئەو حساب ناکرێیت بەبۆنەی لەناو هەڵکێشانتەوە، یان کارێکی باش بکەیت، ئێوە بەڵێن بدەن لە دڵەوە و داوا بکەن عیسای مەسیح بێتە ناو دڵ و ژیانتانەوە. لەو کاتەدا عیسای مەسیح ئێوە هەڵدەبژێرێت و لە گوناهەکانتان خۆشدەبێت و دەبن بە ڕۆڵەی خودا. دوای ئەوە ئەتوانن ژیانێکی خۆش و ژیانێکی بێ ترس بەدەست بهێنن. لەبەر ئەوەی ئامانجی ژیانی خۆتان هەڵبژاردووە.

ئێمە بە ئەمە ئەڵێین: باوەڕهێنان، باوەڕ مانای: باوەڕ بکەیت کە ئەمانە ڕاستن، کە ئەڵێت، باوەڕی خۆت بدە بەدەست عیسای مەسیح وە عیسای مەسیح بە خودای خۆت هەڵبژێرە.

خۆت بدە دەست خودا

کتێبی پیرۆز (یۆحەنا ٦ - ٦٣ )هاتووە: بەڵام هەموو ئەوانەی پێشوازییان لێی کرد، ئەوانەی باوەڕیان بە ناوی هێنا، مافی پێدان ببن بە رۆڵەی خودا،

پرسیار:

چ شتێک هەیە کە ناتوانی عیسای مەسیح هەڵبژێریت؟

انای هەڵبژاردنی عیسای مەسیح چییە؟

٦ - باوەڕکردن بەوەی کە تۆ تاوانباریت بەم هۆیەوە کە لە خودا دورکەوتویتەوە

٣ - باوەڕت هەیە کە بۆ گەیشتن بە خودا پێویستت بە عیسای مەسیحە

٣ - لە مەسیح داوا بکە کە بێتە ناو دڵت

١ - سوپاسگوزاری خودا بکە کە بە خوێنی عیسای مەسیح خودا لە گوناهەکانی ئێمە خۆشبوو

٥ - بەڵێنبدە بە خودا هەموو ژیانت لەگەڵ خودا بیت

کاتێک کە ئێوە لەبەردەم خودا نوێژ دەکەن ئەتوانن بەم شێوەیە بیکەن:

٦ - وایە من ئەزانم کە گوناهبارم و ئەمەویت خوداوەند تۆ لە من خۆشبیت.

٣ - من باوەڕم هەیە کە عیسای مەسیح لەبەر من گیانی خۆی کردە قوربانی، و دوای مردنی لەناو مردوان هەستایەوە.

٣ - من ئامادەم کە پشت لە ژیانی پێشوم بکەم.

١ - من نوێژ دەکەم عیسای مەسیح وەرە ناو دڵ و ژیانم، لەبەرئەوەی من ئەمەویت تۆ و باوکی ئاسمانیم ببینم، تا بتوانم ژیانی خۆم بەرێوە ببەم لە رێگەی تووە.

٥ - خودایە بە یارمەتی تۆ ئامادەم لە ژیانمدا دوای تۆ بکەوم مەسیحی پیرۆز.

ئامین

www.gabbertijd.nl is veranderd ALSO ENGLISH